**تابلۆکانی نیشتمان**

لەو رۆژانەدا
لە گەڵ خەڵکێکی
بی خەم و قژ کاڵ بووم
قیژەی لاشە کێشێک
بە رەو ڕوداوە کانی
ڕا بردووی ژیانم
بردمی
دەستێکی سپیی نائاشنا
بە رەو ڕوم هات و
شوشەیەکی
لێو بە خەندە ی
دڵ پڕ لە خوێن
خەیاڵە کانی
بۆ چەند ساتیک
کاڵ کرد مەوە و
بە رەو ئێوارەیەکی سور
کە هەمیشە لێی دە ترسم
بردمی و
ماڵاوائی لێ کردم.
لای خۆمەوە
وام دەزانی دەکرێ
ماڵائاوائی لە بۆن و هناسەی
بیرەوەریەکانی مناڵی بکەی!
لە بەر ئاوێنەی ماڵەکەمان
وینەی پیرەژنێکی
پەرژین ڕومەتی چاو شوشەئی دەبینم و
خەیاڵ
ئەم گەڕێنێتەوە بۆ هەناسە دانی
بن بەردەکانی سیروان و
دو دەستێ کە
خاکیان بە سەر چارچێوێکی
ڕەشدا دە کرد و
وینەی لۆچی مرۆڤێکی

کۆته خاکیی  جامانه له ملیی
بەر فرمێسک کەوتوی
له ژێر بەردێک دا دەشاردەوە.
ئاه....ئەو وینەیه
دەبێ به ئامیرێکی ڕۆح هه ڵتەکێن و
پەنجەرەی
ماڵێکی ئلکترۆنیکیم پێ دەکاتەوە.
ده بینم مرۆڤەکانی ئه و ماڵه
شێوازیان
له وێنه شاردراوەکانی
هەمان بن بەرد دەکەن!
ورده ورده لێو
له ژێر دگانی سەر سوڕمان
بەر ده بێت و
به بزەیەک به دوای
قسەی خۆشی کوڕێکی
گەنم ڕه نگی
باخەڵ سافی کراس لۆچی  وره بەرز و
کچێکی بێ گلەئی لامل ڕووتی
ئەڵماس به دەست
ڕۆحی غەریبی و ماندووم
دەباته نێو ژوره زۆره
یەک دوای یەک خاڵییەکانی
تۆزی غەریبی و هەژاری
لێ نیشتووی ئەو ماڵه  سیحراوییه و
له وێوه وه به دیمه نێکیتر
دیسان ڕۆحم هەڵده تەکێنێ و
دەمباته وه
بۆ سۆزی سامناکی  شمشاڵێکی
تازه کۆچ کردوو  و
زریکەی
بەچکه هەلۆیەکی زاگرۆسیی
له داووی قالاو و چەقەڵەکانی
چەمه سامناکەکانی ئەلبورز.
ئه و دیمەنه!

دیمەنی ئاسمانێکی
خۆر خنکاوی
سور هەڵگەڕاوە
وەک کراسێکی
سپیی بەر کانی خوێن
کەوتووی ئێوارە
پڕ لە بزیسکە وروژێنەرەکەی
چێشتخانەیەکی بێ چێشتی
سارد و سڕی پڕ لە گولە و دەرمانی پوشپەڕە.
ئاە ........کراسێکی سپی
سور هەڵگەڕاو بە چەن
جەزیرەیەکی سپییەوەو
بەن ملیوانیکی شینی وەنەوش بووی
لار بوو بە سەر شا دڵێکی گولە گازی
باڕووت وسورب ڕێژ کراوی
پڕ لە ئامانج و خۆزگە
ئاە...ئەم تابلۆیە
دەمگەڕێنێتەوە بۆ
پیرەژنە ڕەشپۆشە بێ دەنگە پڕلە مێژووەکەی
باسکی ژوری ماڵە پڕ لە خوزگە و
چاوەڕوانییەکی هەندەرانم
ئەم تابلۆیانە
هەمو ساڵێ چاوەکانمان
تەڕ دەکەن و ناهێڵن توزی غەریبی
لێڵیان بکات و شوێنە ڕێی نیشتمانمان
بۆ تازە دەکەنەوە.
ئەم تابلۆیانە بوون بە کارتی داوەت و
هەمو ئێوارەیەک لە کات ژمێر پێنج و نیو
دەمان بەن بۆ شەو نشینی ماڵێکی
ئلیکترۆنیکی لە پاریس لە تەنشت پیرلاشێزەوە
ماڵێ کە، خانە خێوەکەی زیاتر
چیرۆکی خەممان بۆ دەگەڕێنێتەوە
بەڵام خەرمانان ۆ پوشپەڕی تاڵترین چیرۆکن
ئەو ڕۆ بیست و دووی پۆشپەڕە و
دەمان گەڕێنێتەوە بۆ بیست ساڵ حەسرەتی

له دەست دانی حەزرەتی آشتی و
قەڵەم و کاغەزە شەڵاوی خوێن بووەکانی
وییەن و برلین.
کەف و کوڵی دەرون
هەمو ساڵێ لەو ڕۆژەدا
له ڕێگای دەروازەی
چاوە چاوەڕوانە کانەوە
به سەرباسکی دیمەنی
هەمو کوردێکی نیشتمان پەروەردا
خۆیان دەگەیێنە سەر لێوی کارژینیان و
تۆزی هەڕەشەی دوژمن
له سەر لێویان دەماڵن و
لێوەکان:
به جم و جۆڵ دێن بۆ ووتنی سرودی
ئەی ڕەقیب هەر ماوە میلەتی کورد زمان و
دڵەکان:
له بیست ودوی پۆشپەڕدا
له پەنجەرەی ماڵە ئیلکترونیکیەکی
پڕ له تیشکی تیشکەوە
به دیتنی ویەنەی کاریزمایەکی بێ وێنە و
به بیستنی دەنگێکی سافی بێ گرێی به هێز
که دەڵێ:
گەلێک آزادی بووێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات
هێور دەبنەوە و هەنگاوەکانیان
بۆ گەیشتن به ئازادی به هێزتر دەنێن.

فەتحی میرزائیان